**ڕستە و کەرتە پێکهێنەرەکانی ڕستە:**

چەمکی ڕستە ڕوون نییە و پێناسەکردنی تاڕادەیەک ئاسان نییە، لەبەرئەوەی لە ڕوانگەی جیاوازەوە سەیردەکرێت، بۆ کۆمەڵێک پێناسەی هەمەجۆری بۆ دانراوە.

بە شێوەیەکی گشتی لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو بایەخ و گرنگیدانی زمان هەمووی لە ڕستەدا خۆی دەدۆزییەوە، ڕستە بوو بە لووتکەی لێکۆڵینەوەکانی زمانەوانی و گرنگی پێدرا هەر پێناسەیەک، کە بۆ ڕستە کراوە دیارە دوور نییە لە کەموکوڕی، ڕۆژ بە ڕۆژیش بیری مرۆڤ و میکانیزمی لێکۆڵینەوە و زانست لە پەرەسەندن و پێشکەوتندایە، هەر بۆیەش دەستنیشانکردنی کەموکوڕیەکانی هەر بابەتێک بۆ ڕاستکردنەوە و پڕکردنەوەی کەلێنەکانی بابەتەکە هەنگاوێک ئەم بابەتە پێشدەخات، بۆیە دەبینین ڕۆژ بە ڕۆژ پێناسەکانی ڕستە گۆڕانکارییان بە سەردا دێ، بۆنموونە لای ڕێزمان نووسە دێرینەکان واتا کرابوو بە بنەمای سەرەکی، واتە لە ڕوانگەی واتاوە ڕستەیان پێناسە دەکرد لە خوارەوەدا چەند پێناسەیەکی ڕستە بە پێی قۆناغە مێژووییەکان لە زمانی کوردیدا دەخەینەڕوو:

1- ڕستە زنجیرە وشەیەکە بیرۆکەیەکی تەواو دەردەخات. (تۆفیق واهبی)
2- ڕستە کۆمەڵە وشەیەکە بە شێوەیەکی تایبەتی ڕیزدەکرێت هەموویان بەسەر یەکەوە واتایەکی تەواو دەبەخشن (لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە)
3- ڕستە ئەو ئاخاوتنەیە کە لە دوو وشەیان زیاتر پەیدا دەبێت و مەبەستێک دەدات بە دەستەوە (نووری عەلی ئەمین)

**کەموکوڕیەکانی ئەم پێناسانە یان ئەم قۆناغە:**

ئەم پێناسانەی سەرەوە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ڕەخنە دەبنەوە، کە گرنگترینیان خۆی لە دوو خاڵدا دەبینێتەوە:

أ- ئەم پێناسانە هەموو ڕستەیەک ناگرنەوە چونکە ڕستە هەیە لە وشەیەک پێکدێت وەک (هات، چوو، مرد...تد)

ب- ئەم پێناسانە لە ڕوانگەی واتاوە پێناسەی ڕستەیان کردووە پرسیار لێرەدا ئەوەیە، کە ئایا واتا خۆی چییە و بە چی پێوانە دەکرێت؟ ئایا دەستەواژەیەکی وەک (شاری قەڵا و منارە، گوڵێکی جوان)، واتایان هەیە یان نا؟ ئایا ئەمانە ڕستەن؟

لە ئەنجامی ئەم تێبینیانە زمانەوانەکان کەلێنێکیان لەم پێناسانە دۆزییەوە، ئەویش ئاماژەکردن بوو بە بوونی کار لە ڕستەدا، هەوڵیاندا چارەسەری کەن و کۆمەڵێک پێناسەی تر هاتە ئاراوە وەک ئەمانەی خوارەوە:


1- بەو کۆمەڵە واژەیەی کە بەکار دەهێندرێت فەرمانیش لە تەک دابێت مەعنایەکی تەواو ببەخشێت ئەوترێ ڕستە (نوری عەلی ئەمین)
2- ڕستە ئەو ئاخاوتنەیە، کە کاری تێدایە و واتای تەواو دەبەخشێت (محەمەدەمین هەورامی).

هەرچەندە ئەم پێناسانە مەرجی بوونی کاریان خستەڕوو بەڵام کێشەی کۆمەڵە وشە و واتای تەواو و دەرنەکەوتنی کار لە هەندێ ڕستەدا هەر وەکوو خۆی مایەوە، بۆنموونە لە ڕستەیەکی وەک: (من کوردم).

دوای ئەوەی زمانەوانەکان درکیان بە کەموکوڕییەکان کرد بە تایبەتی لە ژێر کاریگەری قوتابخانەی ئەزموونگەری دەروناسی لە قۆناغێک دواتر هەوڵی فەرامۆشکردنی واتایان دەدا، بە ڕای ئەوان واتا ناکەوێتە بەر شیکردنەوەیەکی وردی زانستییانەوە، هەروەها ئەوان ڕستەیان بەوە پێناسە دەکرد: **کە بریتییە لەو کاردانەوەیەی لای گوێگر دروستدەبێت**، بەڵام زمانەوان سوود لەم جۆرە پێناسەیە وەرناگرێت، چونکە ئاماژە بۆ کەرەستەکانی ڕستە ناکات و لەسەر بنەمای زمان دانەڕێژراوە، هەر بۆیەش ئەم پێناسەیە لە زمانەوانیدا فەرامۆش کرا، لە کاتێکدا ئەرکی ڕستەسازی بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە کەرستە پێکهێنەرەکانی ڕستە.

دوای ئەم قۆناغە زمانەوانە هاوچەرخەکان بۆ دۆزینەوەی پێناسەیەکی نوێ، کە لەسەر بنەمای کەرتە پێکهێنەرەکانی ڕستە داڕێژرابێ، ڕوویان کردە جۆرە پێناسەیەکی تر، بۆنموونە:

1- هەموو ڕستەیەک لەسەر دوو بنچینەدا دادەمەزرێت بە یەکێکیان دەوترێت نیهاد و بە ئەوی تریش دەوترێت گوزارە.
2- ڕستە ئەو پێکهاتەیە کە بە لای کەمەوە لە بکەر و کارێکی ڕێککەوتوو پێک دێت.
3- ڕستە پێکهاتووە لە پاڵنەر و پاڵدراوێک وەک:





ئەم جۆرە پێناسانە ئەگەرچی هەندێ گرفتیان چارەسەرکرد وەک: فەرامۆشکردنی واتا و ئاماژەکردن بۆ پێکهاتەکانی ڕستە، بەڵام هەندێ گرفتی لاوەکی هەر مایەوە و ئەم پێناسانە نەیانتوانی چارەسەریبکەن بۆنموونە: لە ڕستەیەکی وەک:

**(کوردین)، (قوتابین)**

کامە فرێزی ناوییە و کامە فرێزی کارییە؟ هەرچەندە ئەگەر گرێی ناوی و گرێی کاریش لە یەکتر جیابکرێنەوە، بەڵام لە ڕستێکی وەک:**دایکەکە منداڵەکەی نواند** منداڵەکە چییە؟

بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە ڕێگاچارەیەکیان دۆزییەوە، ئەویش ئەوە بوو بەرکاریان دایە پاڵ گوزارە (گرێی کاری) ڕستەکە، وەک:




بەمەش گرفتەکان بنبڕ نەبوون، چونکە هەندێ ڕستە جگە لە (بکەر و بەرکار و کار) بەرکاری ناڕاستەوخۆ و ئاوەڵنا و ئاوەڵکاری شوێن و کات و...تد تێ دەکەوێت،هەروەها هەندێک ڕستە لە زمانی کوردیدا لە تاکە وشەیەک پێکدێن و هەموو کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕستەشی تێدایە، وەک (چوو، هات)، هەروەها لە هەندێ ڕستەدا تەنیا فرێزی ناوی یان بکەر یان بەرکار...تد، لە ڕۆنانی سەرەوەدا دەردەکەوێ، وەک:

**پ/ کێ سێوەکەی خوارد؟**
**و/ ئازاد**
**پ/ ئازاد چی خوارد**
**و/ سێو**

واتە هەر پێناسەیەک بۆ ڕستە دابندرێت دەشێ هەندێک کەموکوڕی تێدابێت، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەو بنەمایەیە کە ڕستەی لەسەر پێناسە دەکرێ، پێویستە بنەماکە بنەمایەکی ڕێزمانی ڕۆنانی هەبێت، چونکە بنەمای واتا و لۆژیک کۆمەڵێ گرفتیان بۆ دروست دەکات، وەک لە پێشەوە ئاماژەمان پێکرد، جگە لەمەش بنەمای ڕۆنانی لەگەڵ سروشتی کارەکەی ئێمەدا دەگونجێت هەر بۆیەش ئەم دوو پێناسەیە بە لامانەوە گرنگە کە دەڵێت:

1- **(ڕستە گەورەترین دانەی زمانە کە لە ڕووی ڕۆنانەوە سەربەخۆ بێت).** سەیری ئەمەی خوارەوە بکە:

- **ماڵی دراوسێکەمان لە تاقیکردنەوەی وانەی ئینگلیزیدا کە مامۆستای چاکی بۆ گیرابوو پلەیەکی باشی بە دەست هێناز**
- **هات**

ئەم دوو ڕستەیەی سەرەوە لە ڕووی ڕۆنانەوە وەکوو یەکن چونکە هیچیان پێویستیان بە کەرەستەی تر نییە لە دەرەوە بێت و ڕۆنانەکە تەواو بکات.

2- **ڕستە بریتییە لە ڕەگی کار و پێویستییەکانی**

هەروەها ئەو پێناسەیەی کە دەڵێ ڕستە بریتییە لە ڕەگی کار و پێویستییەکانی پێناسەیەکە تا ڕادەیەکی باش دەگونجێ لەگەڵ کارەکەی ئێمەدا چونکە لە هەر ڕستەیەکدا ئەگەر ڕەگی کار و پێویستییەکان هەبوو ئەوا بەر پێناسەی ڕستە دەکەوێت، بۆیە کێشە و گرفتی زۆری تێدا نییە، ئینجا گرنگ نییە ڕەگی کار یان پێویستییەکانی دەرکەوتوون لە ڕۆنانی سەرەوەی ڕستەکەدا یان دەرنەکەوتون، ئەگەر دەرنەکەوتوون دەتوانین بیان گەڕێنینەوە بۆ ڕۆنانی سەرەوە.

**پێکهاتەی ڕستە لە زمانی کوردیدا**: ڕستەی زمانی کوردی وەکو ژمارەیەک شوێن یان چاڵ شیدەکرێتەوە، ئەم شوێن و چاڵانەش بە (بکەر، کار، تەواوکار...تد) پڕدەکرێنەوە، هەر ڕستەیەک دەکرێ بەم کەرستانەی خوارەوە شیبکرێتەوە:

| | | |
|---|---|---|
| – بکەر | S | subject |
| – کار | V | verb |
| – تەواوکار | C | complement |
| – سەربار | A | adjunct |


ڕستە لە سادەترین شێوەدا لە (فرێزی ناوی و فرێزی کاری) پێکدێت، ڕێزمان نووسە کوردەکان زاراوەی جیاجیایان بۆ ئەم دوو کەرەستە زمانییە بەکارهێناوە وەک (نیهاد و گوزارا، بنە و بار... تد)، لە خوارەوەدا بە شێوەیەکی خێرا ئاماژەیەک بۆ ئەم دوو کەرستە سەرەکییەی ڕستە دەکەین :

1– (بنە، بکەر، نیهاد، ف.ناوی) یەکێکە لە دوو بەشە سەرەکییەکەی ڕستە لە ڕووی شوێنەوە هەڵکەوتی (بنە، بکەر) سەرەتایە و لە ڕووی ڕێزمانییەوە بنە بکەرە، کە دەڵێین بنە سەرەتایە مەبەستمان ئەوەیە کە هەمیشە پێش بار دەکەوێت سەرەتای ڕستە دەگرێت تەنیا لە یەک باردا نەبێت دەکەوێتە پلەی دووەمینی ڕستە ئەویش لە کاتی بوونی ئاوەڵگوزارە، بە تایبەتی ئاوەڵگوزارەی کات و شوێن، کە هەندێک جار بە پێش نیهاد دەکەوێت وەک:

**پار من و تۆ لە لادێ بووین**

بنە یان بکەر هەردەم فرێزێکی ناوییە و ڕۆڵ لە کاری ڕستە وەردەگرێت و لە ڕووی کەس و ژمارەوە لەگەڵیدا ڕێکدەکەوێت، بکەر لەگەڵ بەشی کرداردا هاونیشانەیە، ڕێککەوتووە لە کەس و ژمارەدا، دۆخی ڕێزمانی پێ دەدرێت ئەگەر کردارێکی کات و کەسدار هەبێت.

2– (بار، گوزارە، ف. کار) لە سادەترین شێوەدا لە کارێکی فراوان و ئاڵۆز یان لە فرێزێکی کاری پێکدێت، بار کەرستەیەکی سەرەکی ڕستەیە بە گرینگترین توخمی ڕستە دادەندرێت، گوزارە وەکوو سەرەی ڕستە کاردەکات و نیهادیش دەبێتە کەرستەی شوێنکەوتوو بۆ گوزارەکە، کە دەڵێین فراوان یان ئاڵۆز مەبەستمان ئەوەیە کە ڕەگی کار بە تەنیا دەرناکەوێت بەڵکوو کەرستەی تری لەگەڵدا دەبێت، چونکە کار لە کوردیدا بە لایەنی کەمەوە لە سێ کەرت (مۆرفیم) پێکدێت بۆ نموونە:





ڕستەی زمانی کوردی هەندێک جار وا دەخوازێ جگە لە (بنە و بار) کەرستەی تری لەگەڵدا بێت، بۆئەوەی ڕستەکە هەم لە ڕووی ڕێزمان و هەم لە ڕووی واتاوە تەواو بێت، یەکێک لەو کەرستانە بریتییە لە تەواوکاری گوزارەیی.

**پەیوەندی نێوان کەرەستەکانی ڕستە:** ئێمە کاتێک ڕستەیەک دەردەبڕین ئەم ڕستەیە لە چەند کەرەستەیەک پێکدێت، یاخود بڵێین لە چەند وشە و مۆرفیمێک پێکدێت، ئەم کەرەستانەش جۆرە پەیوەندییەکی سینتاکسی لە نێوانیاندا هەیە، ئەو پەیوەندییە بە یەکەوەیان دەبەستێتەوە، کاتێک لە کاتی قسەکردندا کۆمەڵێک کەرستە لە چوارچێوەی ڕستەدا دەردەبڕین ڕیزبوونی ئەم کەرستانە لە خۆوە نییە بەڵکوو هەندێک کەرستە بە توندی بەیەکەوە دەلکێنن و لە یەکتری دوور ناکەونەوە بۆ نموونە:

**ئازاد لە دەرگایدا**

ئەگەر سەیری ئەم ڕستەیەی سەرەوە بکەین دەبینین (لە...... دا)پەیوەندی بە دەرگاوە هەیە و بە توندی بە یەکەوە لکاون، هەروەها هەندێک کەرستە هەن بە یەکەوە کۆنابنەوە، بۆ نموونە ئامرازی ناسیاوی بە ڕەگی کارەوە نالکێت و زۆر دوورە لە گرێی کارییەوە زیاتر پەیوەندی بە گرێی ناوییەوە هەیە، وەک:




هەروەها ئەم پەیوەندی دوور و نزیکییە کردەیەکە قسەکەر ئاگاداری نییە یاخود کردەیەکی بێ ئاگاییە، بۆ نیشاندانی ئەم پەیوەندییانە ڕێزماننووسەکان چەند ڕێگایەکیان داناوە:

**یەکەم ڕیزبوونی کەرەستە:**

کەرستە نزیکەکانی ڕستە لەگەڵ یەکتری و کەرتە دورەکانیش بەجیا ڕیزدەبن لە ڕستەدا، ڕیزبوونی کەرستە بۆ دەستنیشانکردنی پەیوەندی نێوان کەرتەکان بەکاردێت لەو زمانانەی کە بەشێوەی ئەندازەیی ڕیزدەبن، پێیاندەوترێت زمانی ئەندازەیی بۆنموونە ڕیزبوونەکانیش بەم شێوەیەن:

کوردی: S. O. V (بکەر، بەرکار، کار)

ئینگلیزی: S. V. O (بکەر، کار، بەرکار)

عەرەبی: V. S. O (کار، بکەر، بەرکار)

ڕێگای ڕیزبوونی کەرەستە بۆ دەرخستنی پەیوەندی نێوان کەرەستەکانی ڕستە لە هەموو زمانێکدا سەرکەوتوو نابێت، بۆ نموونە لەزمانی کوردیدا هەرچەندە ڕیزبوونەکەی (S.O.V) یە، بەڵام مەرج نییە کەرەستەکان لە ڕستەی زمانی کوردیدا تەنیا بەم شێوەیە ڕیزببن، چونکە ڕیزبوونی تریش لە زمانی کوردیدا بەدیدەکرێت بە تایبەتی لەو کاتانەی کە بکەر و بەرکار بە جێناوی لکاو جێگیر دەکرێن، وەک

**(گرتمت)** (V.O.S)

کەواتە ڕیزکردن لە کوردیدا بنەڕەتی نییە.

**جۆرەکانی ڕیزبوونی کەرەستە:** بە شێوەیەکی گشتی دوو جۆر ڕیزبوون لە زمانی کوردیدا بەدیدەکرێت، کە بریتین لە:

**أ- ڕیزبوونی چەسپاو:** مەبەست لە ڕیزبوونی چەسپاو ئەوەیە، کە هەر گۆڕانێک لە ڕیزبوونەکەدا ڕوو بدات لە سنووری گرێیەکاندا دەبێتە هۆی گۆڕانی ئەرکی سینتاکسی کەرەستەکە و لێکدانەوەی واتایی جیاوازی بۆ دەکرێت، واتە دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای ڕستەکە، بۆیە لەم جۆرەدا دەبێ کەرستەکان پابەندی ڕیزبوونەکە بن، وەک:

**1- ئەو منی گرت ←——— 2- من ئەوم گرت**

**ڕاوچیەکە نێچیرەکەی کوشت ←——— نێچیرەکە ڕاوچیەکەی کوشت**

لەم ڕستانەی سەرەوەدا من کەوتۆتە ناو سنووری گرێی کاری، بەڵام شوێنی خۆی گۆڕیوە و بۆتە هۆی گۆڕینی واتا، هەروەها ئەرکی سینتاکسی گۆڕاوە بۆیە لە یەکەمدا (من) بەرکارە و لە دووەمدا (من) بکەرە.

**ب– ڕیزبوونی ئازاد:** بریتییە لە ڕیزبوونی وشەکان لە ناو ڕستەدا بە چەند شێوەیەکی جیاواز، بەبێ ئەوەی کار لە واتای ڕستە بکات، لەم جۆرە ڕیزبوونەدا هەر جۆرە پێشخستن و دواخستنێکی کەرستەکان نابێتە هۆی گۆڕینی ئەرکی ڕێزمانی کەرستەکان.

**قوتابیەکە شیعرەکەی خوێندەوە ⟵ شیعرەکە قوتابییەکە خوێندییەوە**

**مشکەکە پەنیرەکەی خوارد ⟵ پەنیرەکە مشکەکە خواردی**

لەم ڕستانەی سەرەوەدا شوێنی کەرەستەکان گۆڕاوە، کەچی نەبۆتە هۆی گۆڕانی واتای ڕستەکە و ئەرکی ڕێزمانی کەرەستەکان، لە ڕستەی یەکەمدا شوێنی (شیعرەکە) گۆڕاوە کە لە یەکەمدا لە ناوەڕاستی ڕستەدا هاتووە بەڵام لە دووەم دا هاتۆتە سەرەتای ڕستە، کەچی هیچ واتای ڕستەکە نەگۆڕاوە، هەروەها لە یەکەمدا ئەرکی ڕێزمانیی (شیعرەکە) بەرکارە، بەهەمان شێوە لە دووەمیشدا کاتێک شوێنی خۆی گۆڕیوە هەر بەرکارە، ئەم کردارەش پێی دەوترێت (بە لووتکە کردن )، واتە کاتێک لە ڕستەدا بەرکار سەرەتای ڕستە دەگرێت یاخود قسەکەر بە مەبەست بەرکاری ڕستە دەهێنێتە پێشەوە، بۆئەوەی جەختی لێبکاتەوە.

هەندێ جار ڕیزبوونی کەرەستە بە پێی ویستی قسەکەر دەگۆڕێت بە تایبەتی لە پێش و پاشخستنی بکەر و بەرکاردا واتە دووپاتکردنەوەی لەسەر کەرەستیەکی ڕستە، کە بۆ ئەو مەبەستەی دەیەوێت بە گوێگری بگەیەنێت وەک:

**شوان کەوەکەی گرت**

**کەوەکە ئازاد گرتی**

لەمەی سەرەوە کەوەکە بەرکاری ڕستەیە، بەڵام دیارە قسەکەر دەیەوێت جەخت لەسەر گرتنی کەوەکە بکاتەوە نەک کێ گرتوویەتی بۆیە زیاتر کەوەکەی زەق کردۆتەوە و بە ڕێگای (بە لووتکەکردن) ەوە لە سەرەتای ڕستەدا دایناوە بەبێ ئەوەی واتا و ئەرک بگۆڕێت. لە کۆتاییدا دەڵێین ڕێگای ڕیزبوونی کەرەستەکان سەرکەوتوو و لە بارنییە بۆ دەستنیشانکردنی پەیوەندییەکانی نێوان کەرەستەکان لە ڕستەدا، ئەمە بە نیسبەت زمانی کوردی، چونکە لە کوردیدا تەنیا یەک ڕیزبوونمان نییە هەروەها لە هەموو کاتەکاندا

هەموو کەرستەکانی ڕستە دەرناکەون، وەک ئەوەی (بکەر و بەرکار) بە ڕاناو جێگیر بکرێن، بۆ نموونە دەبێ پەنا بۆ ڕێگای تر ببەین.

**دووەم: بە هۆی مۆرفیمی پەیوەندار و نیشانەکانی ترەوە:** لە زمانی کوردیدا هەندێک مۆرفیم هەن لە ڕستەدا ئەرکی بەیەک بەستنەوەی کەرەستەکان دەبینن، بە هۆی ئەو مۆرفیمانەوە دەتوانین جۆری پەیوەندی نێوان کەرەستەکان دەستنیشان بکەین،

**أ– بکەر:** لە زمانی کوردیدا دەتوانین بە هۆی ڕاناوەکانی ڕێکەوتن لەناو ڕستەدا بکەر بناسینەوە، وەک:

من هاتم
تۆ هاتیت ← ڕێکەوتن
ئەو هات

ئێمە هاتین
ئێوە هاتن ← ڕێکەوتن
ئەوان هاتن

ئەگەر هاتوو ڕستە زۆر ئاڵۆزیش بێت بە هۆی ئەو ڕاناوەی، کە بە کارەکەوە دەلکێت دەتوانین بکەری ڕستە بناسینەوە، چونکە ئەم ڕاناوە بۆ بکەر دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە:

ئەو

**<u>بەڕێوەبەری بەشی دۆبلاشی تەلەفزیۆن</u>، کە دراوسێی ماڵی کاوەی ئامۆزاتە خەڵاتەکەی وەردەگر<u>ێت</u>**

کۆمەڵەی دووەم

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا ڕێکەوتن لە نێوان (بکەر و کار) دایە

**<u>تێبینی</u>/** ئەگەر هاتو کارەکە لە کاتی ڕابردووی تێپەر دابێت، ئەوا (بکەر و بەرکار) لە کەس و ژمارەدا ڕێکدەکەون، وەک:

ئەو

**<u>بەڕێوەبەری بەشی دۆبلاجی تەلەفزیۆن</u> کە دراوسێی ماڵی کاوەی ئامۆزاتە دوێنێ خەڵاتەک<u>ەی</u> وەرگرت**

کۆمەڵەی دووەم

بەڵام لە کاتی جێگیرکردنی ئەم ڕستانە بە ڕاناوی لکاو دەتوانین بە ئاسانی بکەر دەستنیشان بکەین، وەک

وەردەگرم ← من ــــ م

وەردەگریت ← تۆ ــــ یت

وەردەگرێت ← ئەو ــــ ێت

لە ڕابردوودا:

وەرمگرت ← من ــــ م

وەرتگرت ← تۆ ــــ ت

وەریگرت ← ئەو ــــ ی

**تێبینی/** هەندێک جار (بەرکار و کار) لە کەس و ژمارەدا ڕێکدەکەون، ئەم جۆرە ڕێککەوتنەش پێی دەوترێت (ئێرگەتیف ergative)، وەک لە کرمانجی ژووروو لە کاتی ڕابردوودا

**تە ئەز ڤیام**

**بەرکار (ئەز ــــ م )**

ئەم حاڵەتە لە زاری کرمانجی ژوورووی زمانی کوردی هەیە، وەک ئەم ڕستەی سەرەوە ئەز بەرکاری ڕستەیە، ڕاناوە لکاوەکەی بریتییە لە (م)، کە بە کارەکەوە لکاوە.

هەر وەکوو وتمان لە زمانی کوردیدا بە هۆی ڕێکەوتن بە ئاسانی دەتوانین بکەر لە ڕستەدا دەست نیشان بکەین ئەمەش چەند نموونەیەکە:

نموونە بۆ ڕابردووی تێنەپەڕ:

کەسی یەکەمی تاک

1- <u>من</u> لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە کاتی بەشداربوونم لە یەکێک لە سەروەرییەکانی بەسەختی بریندار کرا<u>م</u>

ڕاناوی لکاو بۆ کەسی یەکەمی تاک

2- تۆ لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە کاتی بەشدار بوونت لە یەکێک لە سەروەرییەکان بە سەختی بریندار کرایت

3- ئەو لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە کاتی بەشداربوونی لە یەکێک لە سەروەرییەکان بە سەختی بریندار کرا Ø

نموونە بۆ ڕابردووی تێپەڕ: (ڕێککەوتن لە نێوان بکەر و بەرکاردایە)

**1- من ئەوسا کە بەڕێوەبەری یانەی وەرزشی هەولێر بووم تۆپی زێڕینم وەرگرت**

**2- تۆ ئەوسا کە بەڕێوەبەری یانەی وەرزشی هەولێر بوویت تۆپی زێڕینت وەرگرت**

**3- ئەو ئەوساکە بەڕێوەبەری یانەی وەرزشی هەولێر بوو تۆپی زێڕینی وەرگرت**

لەمەی سەرەوەدا ڕێکەوتن لە نێوان بکەر و بەرکار دایە بەڵام لەم ڕستانەی سەرەوە کاتێک بکەر و بەرکار بە ڕاناوی لکاو جێگیر دەکرێن ڕاناوە لکاوە کە دەچێتە سەر کارەکە وەک (وەرمگرت، وەرتگرت، وەریگرت)

**تێبینی/ لە ڕابردووی تێپەڕدا بکەر و بەرکار لە گروپی ( A) دەبن (م، ت، ی، مان، تان، یان) لەڕابردووی تێنەپەڕ و ڕانەبردوودا بکەر و بەرکار لە گروپی ( B ) دەبن (م، یت (.، ێت، ئات)، ین، ن، ن)**

نموونە بۆ ڕانەبردووی تێپەر:

**من هەست دەکەم دوای چەند ساڵێکی تر بە هۆی کارەساتێکەوە ئەم وڵاتە جێ دەهێڵم**
**تۆ هەست دەکەیت دوای چەند ساڵێکی تر بە هۆی کارەساتێکەوە ئەم وڵاتە جێ دەهێڵیت**
**ئەو هەست دەکات دوای چەند ساڵێکی تر بە هۆی کارەساتێکەوە ئەم وڵاتە جێ دەهێڵێت**

نموونە بۆ ڕانەبردووی تێنەپەڕ:

**من بەیانی لەگەڵ زەنگی مۆبایلەکە لە خەو هەڵدەستم**
**تۆ بەیانی لەگەڵ زەنگی مۆبایلەکە لە خەو هەڵدەستیت**
**ئەو بەیانی لەگەڵ زەنگی مۆبایلەکە لە خەو هەڵدەستێت**

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە لە ڕانەبردودا لە هەردوو باری تێپەڕو تێنەپەڕدا ڕێکەوتن لە نێوان بکەر و کاردایە و ڕاناوەکانیش سەر بە کۆمەڵەی (B) دەبن. بۆ

نیشاندانی ڕێککەوتن لە ڕستەی زمانی کوردی (ناوەڕاست) سەیری ئەم تێبینییەی خوارەوە بکە:

**تێبینی/**

- **لە ڕانەبردووی تێپەڕ و تێنەپەر + ڕابردووی تێنەپەڕ دا ڕێککەوتن لە نێوان (بکەر و کار ) دایە.**
- **لە ڕابردووی تێپەڕدا ڕێککەوتن لە نێوان ( بکەر و بەرکار ) یە.**

**ڕستەی زمانی کوردی دوو بکەری تێدا دەردەکەوێت:**

أ- **سەربەخۆ**: ئەم جۆرەیان بە زۆری دەکەوێتە سەرەتای ڕستە، وەک لە ڕستەکانی پێشوودا دەردەکەوێت. بەشە ئاخاوتنەکانی ناوئاسا (ناو، جێناو، چاوگ، ئاوڵناو) ئەم ئەرکە واتە ئەرکی بکەر دەبینن لە ڕستەی زمانی کوردیدا. وەک لەم ڕستانەدا دەردەکەوێت:

**ئازاد هات (ناو)**
**ئاو هات (جێناو)**
**نووستن خۆشە (چاوگ)**
**گەورە ئاو دەڕژێنێ بچووک پێی لێ دەخشێنێ (ئاوەڵناو)**

هەروەها ئاساییە لە ڕستەی زمانی کوردیدا بکەری سەربەخۆ بکرتێنرێت، بە تایبەتی لە ناو دەقدا، چونکە لە زۆر باردا کرتاندنی ئەم جۆرە بکەرە نابێتە هۆی دروستکردنی تەمومژی. بکەری کەسی یەکەم و دووەم لە هەموو کاتێکدا دەتواندرێت لاببرێت وەک **(بردم، بردت)**، بەڵام کەسی سێیەمی کۆ بە زۆری لە ناو دەقدا دەتوانرێت بکرتێنرێت، ئەویش کاتێک لە سەرەتادا دەردەکەوێت و دواتر لە ڕستەکانی تردا پێویست ناکات دووبارە ناوی بێتەوە.

**ئەوان هاتن و دەست و چاویان شوشت و دانیشتن**

لە کۆتاییدا کە دەڵێین دانیشتن بکەری سەربەخۆ کە (ئەوان) ە کرتاوە، ئەمەش نەبۆتە هۆی دروستکردنی لێڵی، چونکە لە ڕستەی سەرەتادا بکەرە سەربەخۆکە هاتووە

**تێبینی/** تەنیا لەناو دەقدا دەتوانرێت بکەری سەربەخۆ بۆ کەسی سێیەمی کۆ لاببرێت یان بکرتێنرێ.

**ب– بکەری لکاو:** ئەم بکەرە بە کۆتایی کارەوە دەلکێ و ڕستەی زمانی کوردی بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت دەستبەرداری ئەم جۆرە بکەرە بێت، هەردەم لەگەڵ گرێی کاری دەردەکەوێت و ئەرکێشی نیشاندانی ڕێککەوتنە لە نێوان بکەری سەربەخۆ و فرێزی کاریدا لە ڕووی کەس و ژمارەوە. بوونی بکەری لکاو لە ڕستەی زمانی کوردیدا یارمەتیدەرە بۆ کرداندنی بکەری سەربەخۆ، بکەری لکاو ڕێگە دەگرێت لە دروستبوونی تەمومژی لە کاتی کرتاندنی بکەری سەربەخۆدا، بەو واتایەی بە هۆی بکەرە لکاوەکە دەتوانین بکەرە سەربەخۆکە دەست نیشان بکەین، وەک:

**بردت**

لەم ڕستەیەدا بە هۆی بکەری لکاوی (ت) دەتوانین یان دەزانین کە لە سەرەتایی ڕستەکەدا (تۆ) هەبووە، بەڵام کرتاوە.

**تێبینی/** شوێنی ئاسایی بکەری لکاو کۆتایی ڕەگی کارە وەک:

**دەڕۆم ———— من بەیانی دەڕۆم**

**دەنووم ———— من دوای نیوەشەو دەنووم**

بەڵام هەر وەک لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا، دەبێ تێبینی ئەوە بکەین ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕ بوو ئەوا مەرج نییە تەنیا بە کۆتایی کارەوە بلکێت لەم بارەدا ڕێککەوتن لە نێوان بکەر و بەرکار دایە بۆیە بکەرە لکاوەکە شوێنی خۆی دەگۆڕێت لەم شوێن گۆڕینەشدا تا بواری هەبێت بەرەو پێشەوەی ڕستە هەنگاو دەنێت وەک:

**گرتم ——— دەمگرت ——— نەم دەگرت ———— هەڵم نەدەگرت**

**دووەم بەرکار:** بریتییە لەو کەرستەیەی کە لە ڕستەی زمانی کوردیدا بوونی پێویستە ئەگەر کاری ڕستەکە تێپەڕبێت، ئەو کەرستەیەیە کە کاریگەری کاری ڕستەکەی دەکەوێتەسەر، بەرکار لە ڕستەی زمانی کوردیدا لە دوو شێوەدا دەردەکەوێت، یان سەربەخۆ یان لکاو، بەواتای ئەوەی هەردوو جۆری سەربەخۆ و لکاو لە یەک ڕستەدا کۆنابنەوە و ئامادەنابن، هەروەها بەرکارە سەربەخۆکە دەتوانرێت بە ڕاناوی لکاو جێگیر بکرێت وەک:

**من تۆ دەناسم ———— دەتناسم**

کەواتە دەبێ ئەوە بزانین بە پێچەوانەی بکەر لە ڕستەی زمانی کوردیدا ئەگەر بەرکاری سەربەخۆ هەبێت ئەوا لکاوەکە بوونی نییە، کاتێکیش سەربەخۆکە گێگیر دەکەین بە لکاو ئەو کاتە سەربەخۆکە دەبێ بکرتێندرێت.

لە زمانی کوردیدا بەرکار هیچ نیشانەیەکی تایبەت بە خۆی نییە تاوەکو پێی بناسرێتەوە، هەرچەندە لە کۆندا نیشانەیەکی هەبووە، بەڵام ئێستا بە هۆی گۆڕانەکانی زمان ئەم نیشانەیە نەماوە تەنیا لە هەندێک شێوەزاردا نەبێت وەک:

**ئەمن ئازادی دەناسم**

**ئەمن نانی دەخۆم**

لە کوردیدا بەرکاری هەموو تایبەتییە مۆرفۆلۆجییەکانی بکەری تێدا بەدیدەکرێت، دەشێت ناو بێت، تاکوو کۆ وەربگرێت، یان ڕاناو بێت، ناسیاو و نەناسیاو بکرێت.

لە هەموو ئەمانەی سەرەوە مەبەستمان بەرکاری ڕاستەوخۆیە. هەموو کات مەرج نییە بەرکار لە تاکە وشەیەک پێکبێت، بەڵکوو کارەکانی وەک (گوتن، بیستن، بینین... تد) دەشێ بەرکارەکانیان لە ڕستەیەک زیاتر بێت، واتە ئەوەی لە دوای ئەم کارانەوە دێت هەمووی دەبێت بە بەرکاری ڕستەکە وەک:

**پیاوەکە بە دەست بەستراوییەوە وتی من لەو مرۆڤانە نیم بینینی خوێن بمترسێنێ بینی منداڵێکی ساوا لەسەر دەستی ئافرەتێکی قژ ئاڵۆز ملی لار بۆتەوە.**

**تێبینی/** ئاسایی لەڕستەی زمانی کوردیدا دەکرێت هەردوو بەرکاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بوونیان هەبێت، چونکە هەندێک کار داوای دوو بەرکار دەکەن، ئەم جۆرە کارانەش پێیان دەوترێت (دی ترانسیتیف detranstive) وەک:

**من هەواڵەکەم بە خەڵکی ڕاگەیاند**

**بەرکاری نا ڕاستەوخۆ :**

ئەم کەرستە زمانییە لە ڕووی ڕۆنانەوە لە پێکهاتەی فرێزی بەندیدا دەردەکەوێت بە یارمەتی ئامرازی پەیوەندی دادەڕێژرێت و هەندێ جار لەگەڵ پاشبەندەکەیان هاوبەشی ئەم جۆرە داڕشتنە دەکەن.


**هەنارەکانم بۆ تۆ نارد.**

**نامەکەم لە شیلان وەرگرت.**


کەواتە بەشداریکردنی پێشبەند لە پێکهاتی بەرکاری ناڕاستەوخۆ بە یەکێک لە مەرجەکانی ئەم کەرستە زمانییە دادەنرێت. وەک لەم پێناسانەدا دەردەکەوێت :

– بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە پریپۆزیشنێک و وشەیەکی دی پێکدێت.
– ئەو جۆرە بەرکارەیە کە ڕوداوی کردارەکەی ڕاستەوخۆ ناکەوێتە سەر، بەڵکو بە هۆی ئامرازی تایبەتییەوە دەبێت
– ئەو ناوە یان ڕاناوەیە کە بە هۆی ئامرازی ڕاکێشەوە ئەتوانێ مەعنای فرمانێ تەواو بکات
– بەرکاری ناڕاستەوخۆ یەکسەر کاری بکەرەکەی ناکەوێتە سەر دەبێ ئامرازێکی پەیوەندی (پێشنەند یا پاشبەندی لەگەڵدا بێت)

کاری وا هەیە لە ڕستەدا داوای بەرکارێکی ڕاستەوخۆ و بەرکارێکی ناڕاستەوخۆ دەکات بۆ تەواوکردنی ڕووداوەکە.




هەر ئەم جۆرە کارە جاری وا هەیە داوای بەرکارێکی ڕاستەوخۆ و دوو بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەکات




سەبارەت بە شوێن و ڕیزبونی بەرکارە ناڕاستەوخۆکان لە ڕستەدا، ئەگەر ژمارەیان لە یەکێک زیاتر بێت، ئەوا هەندێک جار جۆرە سەربەستییەک هەیە لە ڕیزبوون دا، واتە شوێن گۆڕین و پاش و پێشکردنیان کار ناکاتە سەر واتای سەرەکی ڕستەکە:

**کتێبەکانم بە نەوزاد دا بۆ ئازاد نارد.**

↓

**کتێبەکانم بۆ ئازاد بە نەوزاد دا نارد.**

**تەواوکار:**

تەواوکار وەکو زاراوە ( ئەو زاراوەیە لە شیکردنەوەی ئەرکی ڕێزمانیدا بەکاردەهێنرێت، کە بریتییە لە ئاماژەکردن بۆ کەرەسەیەکی سەرەکی ڕستە. بە چەمکی ڕێزمانی دێرینیش ئەوە دەگەیەنێ کە کەرستەیەکە لە چوارچێوەی کرداری ڕستەدا شیدەکرێتەوە )

لادانی تەواوکار لە ڕستەدا ڕستەیەکی نا ڕێزمانی بەرهەم دێنێ. چونکە(بە توخمێکی سەرەکی ڕستە دادەنرێت و بەشێک لە واتای کارەکە زیاد دەکات) دەرکەوتنی تەواوکارەکان دەوەستێتە سەر دەرکەوتن و جۆری کارەکە، بەو واتایەی کار لە ڕستەدا خۆی بە شوێن تەواوکارەکەی دا دەگەڕێت. کەواتە تەواوکار ئەو کەرستە زمانیانەن ( کە لەگەڵ کاردا دێن و ڕستە دەکەنە ڕستەیەکی ڕێزمانی و واتایەکی تەواوی پێ دەبەخشن ) وەک:

**ئاوەکە بوو بە سەهۆڵ.**


**تاوانەکە لە تۆ بوو.**

**ئازاد لە هەولێر .**

لەم ڕستانەی سەرەوەدا ئەو کەرستانەی هێڵیان بە ژێردا هاتووە ڕۆڵیان هەیە لە تەواوکردنی کاری ڕستەکان و بەشی ( نیهاد ) و ( گوزارە )یان بە یەکەوە بەستۆتەوە و بواری ئەوە نییە لە ڕستەکان لابدرێن، بەڵکو بوونیان لە ڕستەکاندا بە خورتییە. چونکە پەیوەندیان بە کاری ڕستەکانەوە هەیە، هەر کارەکانیش ئەو کەرستانە بۆ خۆیان ڕادەکێشن، بەو واتایەی (تەواوکار بەندی کارە هاوبەشی دەکات لەو بارە یان ڕووداوەی کە کارەکە ڕایدەگەیەنێ و بەشێکی گرنگە). بەم پێیە دەتوانین بڵێین بوونی تەواوکار لەو ڕستانەی کە کارەکانیان داوای تەواوکار دەکەن پێویستە و بەبێ بەشداری ئەوان ڕستەی ناتەواو لە ڕووی ڕێزمان و واتاوە بەرهەم دێت.

**جۆری تەواوکارەکان :**

تەواوکار لە ڕستەی زمانی کوردیدا دوو جۆری هەیە، کە ئەوانیش چەند جۆرێکیان لێ دەکەوێتەوە. دابەشکردنی تەواوکارەکان بۆ سەر جۆرەکانیان لەم نەخشەیەی خوارەو دەخەینەڕوو :




لە وانەکانی رابردوودا هەردوو جۆری بەرکاری (ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ)مان خوێند بۆیە لێرەدا تەنیا ئاماژە بە تەواوکاری گوزارەیی دەکەین.

**تەواوکاری گوزارەیی** : لە ڕستەدا بەشی گوزارە هەڵیدەبژێرێت وەکو تەواوکارێک دایدەنێت. سەرنجی ئەم نموونەیەی خوارەوە بدە :

**ئەو مامۆستایە.**

لەم ڕستەیەدا فرێزی ناوی ( مامۆستا ) بووەتە تەواوکاری گوزارەیی و کاری ڕستەکەی تەواو کردوە. مەرج نییە تەنیا فرێزی ناوی ببێت بە تەواوکاری گوزارەیی. بۆ نموونە :

**من ئێوە بە مامۆستا دەزانم.**
**من ئێوە بە پیاو دادەنێم.**
**ئەوان منیان بە زیرەک لە قەڵەم دا.**

لەم ڕستانەی سەرەوە فرێزە بەندەکانی ( بە مامۆستا، بە پیاو، بە زیرەک ) دەبن بە تەواوکاری گوزارەیی و کاری ڕستەکە تەواو دەکەن و دەبن بە کەرستەی تەواوکەر.

تەواوکاری گوزارەیی کە فرێزێکی ناوی هەڵدەبژێرێت، هەوڵ دەدات ئەو فرێزە ناوییە ناوێکی گشتی بێت، بەم پێیە تەواوکاری گوزارەیی نیشانەکانی (ناسیاوی و نە ناسیاوی و کۆ) وەرناگرێت. سەرنجی ئەم ڕستەیە بدە:

**ئەو بوو بە مامۆستا.**

لەم ڕستەیەدا (مامۆستا ) تەواوکەری فرێزی بەندە (لەگەڵ پێشبەندەکە بووە بە تەواوکاری گوزارەیی)، ناوێکی گشتییە هیچ کام لە نیشانەکانی (ناسیاوی، نە ناسیاوی، کۆ) وەرناگرێت. وەک:

**ئەو بوو بە مامۆستاکە*.**
**ئەو بوو بە مامۆستاییێک*.**
**ئەو بوو بە مامۆستاکان*.**

هەروەها تەواوکاری گوزارەیی بکەر نادیاری لێ دروست ناکرێت و لە پێکهاتەکەی دا پاشبەند بەشداری ناکات.
کرداره ئاڵۆزەکان لە ڕستەی زمانی کوردیدا داوای کەرستەیەک دەکەن بۆ تەواوکردنی واتا و ڕێزمانی ڕستەکان. کە ئەم کەرستەیە دەبێت بە تەواوکاری گوزارەیی
لە خوارەوەدا هەندێک نمونە ی رستە بۆ تەواوکاری گوزارەیی دەهێنینەوە:

| | |
|---|---|
| **من ئێوە بە پیاو لە قەڵەم دەدەم.** | **(بە پیاو) تەواوکاری گوزاەیی** |
| **من ئێوە بەمامۆستا دادەنێم.** | **(بە مامۆستا) تەواوکاری گوزاەیی** |
| **من ئێوە بە شێر لە قەڵەم دەدەم.** | **(بە شێر) تەواوکاری گوزاەیی** |

**ئەم جۆگەیە بە رووبار دادەنێم. (بە رووبار) تەواوکاری گوزاەیی**
**ئەم کارە بە پیاوەتی حسێب دەکەم. (بە پیاوەتی) تەواوکاری گوزاەیی**

### سەربار:

سەربار هەروەک لە ناوەکەیدا ئەمە دەخوێنرێتەوە کە ئەم کەرستەیە هاتن و نەهاتنی لە ڕستەدا بە ئارەزوە (optional). بۆیە (مەبەست لە سەرباری(ف. ک) ئەو کەرستانەن کە لابردنیان هیچ کاریگەری نابێت لە سەر لایەنی واتا و ڕێزمانی ڕستە، بەڵکو ئەرکیان تەنیا دەرخستنی زانیاری زیاترە دەربارەی لایەنەکانی ڕووداو. کەواتە سەربار دەربارەی شێوازی ئەنجامدانی کارەکە لەلایەن بکەرەوە زانیاری زیاترمان پێ دەدات لایەنی شێوەی جێبەجێ کردنی کارەکە ڕۆشنتر دەکاتەوە. سەرنج بۆ ئەم ڕستانەی خوارەوە ڕادەکێشین کە ئەو کەرستانەی هێڵیان بەژێرداهاتوە ئەرکەکانیان بریتیە لە زیاتر پێدانی زانیاری دەربارەی (چۆن و کەی و لە کوێ) ئەم کارە ڕووی داوە :

**منداڵەکە بە جوانی دەڕوات**
**ڕۆمانەکەم ساڵی ڕابردوو تەواو کرد**
**قوتابییەکان لە پۆلە کە ئامادە بوون**

بەم پێیە کەرستەکانی (بە جوانی، ساڵی رابردوو، لە پۆلەکە) دەبن بە سەربار لە ڕستەکانی سەرەوەدا چونکە لابردنیان کاریگەری لەسەر لایەنی ڕێزمان و واتای ڕستەکان نابێت.
بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەی بابەتە کە با سەرنجی ئەم دوو ڕستەیەی خوارەوە بدەین :

**أ- ئۆتۆمبێلەکە لە ناکاو وەستا.**
**ب- نوسەرەکە ساڵی ڕابردوو ڕۆمانەکەی تەواو کرد.**

(بۆ دەست نیشان کردنی ئەو کەرستانەی دەبن بە سەربار لە هەردوو ڕستەی (أ، ب)دا، دەبێ بەم شێوەیەی خوارەوە پرسیار بکەین)

ئۆتۆمبێلەکە چۆن وەستا ؟ لە ناکاو
نوسەرەکە کەی ڕۆمانەکەی تەواو کرد ؟ ساڵی ڕابردوو
کەواتە هەردوو وەڵامی (لە ناکاو، ساڵی رابردوو) دەبن بە سەرباری ڕستەکانی (أ، ب).

### تایبەتییەکانی سەربار:

سەربار وەکو هەر کەرستەیەکی تری زمان چەند سیمایەکی هەیە، لە خوارەوە دەیان خەینە ڕوو:

1 – زانیاری زیاتر پێشکەش دەکات لە بارەی ڕوودانی کارەکەو هاتن و نەهاتنی لە ڕستەدا بە ئارەزوییە.

**ئازاد بە پەلە هات.**

**ئازاد هات.**

2- زیاتر لە سەربارێک دەتوانێ بەشداری لە ڕستەدا بکات.

سالّی ڕابردوو بە پەلە ئەم ڕۆمانەم خوێندەوە.

جەنگاوەرەکان بە پەلە و بێ دواکەوتن لە شوێنی مەبەست ئامادە بوون.

3- سەربار لە ڕستەدا (mobile)ە، شوێن گۆڕکێی پێدەکرێت.

**چێشتەکەیان بە چاوچنۆکی دەخوارد.**


**بە چاوچنۆکی چێشتەکەیان دەخوارد.**

**جیاوازی نێوان تەواوکار و سەربار :**

لە خوارەوەدا هەندێ خالّ دەخەینە ڕوو سەبارەت بە جیاکردنەوەی ئەم دوو کەرستە زمانیە، لەگەڵ ئەمەشدا پێمان وایە کە ئەم خاڵانە گرنگی خۆیان هەیە لە ڕستەسازی دا چونکە ئەوە دەسەلمێنن کەوا ( تەواوکارەکان ) کەرەسەی سەرەکین و ( سەربارەکان ) یش، نا سەرەکین لە ڕستەدا :

1- دەرکەوتنی تەواوکارەکان دەوەستێتە سەر دەرکەوتن و جۆری ئەو کارەی کە لە ڕستەکەدا هەیە، بە واتایەکیتر کار لە ڕستەدا بە شوێن تەواوکارەکەی دەکەوێت، واتە دەکرێ ( کار ) بەپێی تەواوکار پۆل بکرێت، بەڵام هیچ کاتێک کار بەپێی سەربار پۆل ناکرێت. بۆ نموونە کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ لەسەر بنچینەی وەرگرتن و وەرنەگرتنی تەواوکار پۆل دەکرێت.

1- لادانی تەواوکار لە ڕستەدا گوزارەی ناتەواو بەرهەم دەهێنێت و پێچەوانەکەشی سەبارەت بە سەربارەکان ڕاستە :







2- لادانی تەواوکار لە ڕستەدا، ڕستەیەکی نا ڕێزمانی بەرهەم دەهێنێت، بەڵام لادانی سەربار هیچ جۆرە نارێزمانییەک ناداتە ڕستەکە. وەک :

**ئەو ژیر بوو.**

**ئەو بوو*.**

هەر کاتێک لادانی وشەیەک لە ڕستەدا بووە هۆی گۆڕینی واتاکەی، ئەوا ئەو کەرستەیەی لابراوە تەواوکارە.

ئەگەر هات و لە ڕستەیەک دا خاڵی یەکەم و دووەم کەوتنە ململانێ واتە ( گۆڕانی واتا ) و ( ناڕێزمانی ڕستەکە) ئەوا دەبێ پەیڕەوی خاڵی یەکەم ( گۆڕانی واتا ) بکەین. وەک ئەم نموونەیەی خوارەوە :

**ئەو ژیر بوو.**

**ئەو بوو *.**

ئەم دوو ڕستەیەی سەرەوە هەردووکیان ڕێزمانین و هەردووکیشیان لە ڕووی واتاوە تەواون. بەڵام کەرستە لابراوەکە ( ژیر ) کە لە ڕستەی دووەم لابراوە، بوەتە هۆی گۆڕینی واتای ڕستەکە بۆیە (ژیر) تەواوکارە. چونکە واتای ( ئەو ژیر بوو ) جیاوازە لەگەڵ واتای (ئەو بوو).

4- بە هۆی ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی ( شوێنکەوتن ) لە نێوان سەربارەکان و کاری ڕستە دا نییە، بۆیە هاتنی سەربارەکان لە ڕستەدا سنوردار ناکرێت. وەک :

من دوێنێ شەو زۆر بە پەلە، بە ماندوویی، بە هەناسە برکێ، بەرەو ماڵی ئێوە هاتم.

لەم ڕستەیەدا سەربارەکان بێ سنورن، لادانی هەموویان کار ناکاتە سەر واتای ڕستەکە. وەک:

**من هاتم.**

بەڵام بە پێچەوانەوە تەواوکارەکان بە هۆی ئەوەی پەیوەندییەکی شوێن کەوتن لە نێوان ئەوان و کارەکاندا هەیە و هاتنیان لە ڕٍستەدا سنوردارە.

هەر کەرستەیەک لە شوێنی بەرکار بە هۆی ( و- ی - ە ) ببەسترێت ئەوا ئەم کەرستەیە بەرکارە :

و/ من ئازاد و نەوزاد و شێرزادم دیت.

ی/ من ئازادی کوڕی محەمەدی کوڕی مەحمودم دیت.

ە/ من کوڕە زیرەکە چالاکە سەرکەوتووەکەم دیت.

5- بە هۆی ئەوەی سەربارەکان هیچ پەیوەندییەکیان بە کارەوە نییە لەبەر ئەوە شوێنی جێگیریان لە ڕستەدا نییە ( سەربار لە ڕووی شوێنەوە (mobile) ە‌و دەتوانرێ شوێن گۆڕکێی پێبکرێت:، وەک ئەمانەی خوارەوە:

**من پار ئەوم دیت.**

**پار من ئەوم دیت.**

**من ئەوم پار دیت.**

پێچەوانەی ئەمەی سەرەوە سەبارەت بە تەواوکارەکان ڕاستە. چونکە تەواوکار لە ڕستەدا شوێنی جێگیر و تایبەت بە خۆی هەیە، ئەویش لەبەر ئەوەیە کە پەیوەندی بە کاری ڕستەوە هەیە. وەک:

**من نامەکەم نوسی.**

**من نوسیم نامەکە*.**

**من نان دەخۆم.**

**من دەخۆم نان*.**

بەم پێ یە تەواوکارەکان شوێنیان دەکەوێتە نێوان ( بکەر و کار ) لە ڕستەی زمانی کوردیدا.

د.عمر